## جاناتان راندڵ و کۆماری کوردستان

راندڵ، رۆژنامەنووسێکی شارەزای کێشەی کوردە و کتێبێکی تازەی نووسیوە کە مامۆستا ئیبراهیم یۆنسی وەریگێڕاوەتەوە سەر فارسی و بەختەوەرانە، وەک تەرجەمەکانی تری هیچ سەرەتایەکی وەرگێڕی بۆ نەنووسیوە کە هێرش بکاتە سەر بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و رێبەرەکانی!

ناوی کتێبەکە بە ئینگلیزی بەم شێوەیە :

After Such Knowledge What Forgiveness?

کە لە فارسیدا بۆتە "با این رسوائی، چە بخشایشی؟" و
کوردییەکەی دەبێتە "بەو زانیارییەوە کە هەیە، لێبووردنی چی؟"

کتێبەکە بە گشتی سەبارەت بە باشووری کوردستانە لە ساڵانی سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت شۆڕشی ئەیلوول. بەڵام لە پەیوەندی کاروباری باشووردا جارو بارە باسێکیش لە رۆژهەڵات و باکووری کوردستان کراوە.

هیچ ناوێک لە بۆکان لە کتێبەکەدا نەهاتووە، بەڵام لە هەندێک ئاماژە بە رووداوەکانی سەردەمی کۆمار و دوای ئەودا دەست نیشانی کاروبارێک کراوە کە ناوچەی موکریان دەگرێتەوە و بەم واتایە، دەکرێت بۆ نووسینی مێژووی ناوچەی بۆکانیش کەڵکیان لی وەربگیرێت.

لاپەڕە 167: دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.
لاپەڕە 168: چوونی میوانانی کورد بۆ باکۆ و ئاماژە بە دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف.
لاپەڕە 169: بڵاوبوونەوەی دوو گۆڤاری کوردی لە سەردەمی کۆماردا *[کە واهەیە یەکیان هەڵاڵەی چاپی بۆکان بێت]*.
لاپەڕە 170: جگە لە بارزانییەکان تەنیا یەک عەشیرەت ونیوەی عەشیرەتێکی تر پشتگیریی کۆماریان دەکرد.... بارزانی باوەڕێکی ئەوتۆی بە قازی محەمەد نەبوو و چەندساڵ دواتر بە خراپە باسی دەکرد *[نووسەر سەرچاوەیئەم بۆچوونەی خۆی رانەگەیاندوە]*.
لاپەڕە 171: ئیعدامی رێبەرانی کورد لە مەهاباد و شارەکانی تری کوردستان *[کە دەبێ نیاز لە بۆکانیش بووبێت وا شەهید عەلی بەگی یەکشەوەی تێدا ئیعدام کرا]*.
لاپەڕە 172: شەڕی باڵی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ رژیمی شا و کووژرانی 43 کەس ... بە قسەی بارزانی، سوپای ئێرانی کوردی نەشکاند، بەڵکوو ئەوە یەکییەتی سۆڤیەت بوو لە ئەمریکا شکا.
لاپەڕە 173: سوپای ئێرانی بە یارمەتیی عەناسری عەشیرەیی کە تا ئەودەم هاوپەیمانی مەلا مستەفا بوون، ... کەوتنە ڕاونانی بارزانییەکان *[کە ئەوەش ئاغاواتی دێبوکری بۆکان دەگرێتەوە]*.

کتێبەکە، روانینێکی ژۆرنالیستیە بە کێشەی کورد دا و بێ لایەنانە نووسراوە. گەرچی لە سەرجەمی خۆیدا کتێبەکە لایەنگری کورد و کێشەکەیەتی، بەڵام

هەندێک جار هێرش دەکاتە سەر رێبەرانی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و بە ساویلکە و کەم فامیان دادەنێت، سەرچاوەی هەندێک لە زانیارییەکانیشی تێدا رانەگەێینراوە.

جاناتان راندل، *"با این رسوایی، چه بخشایشی؟ تحلیل مسائل سیاسی کردستان"* ، ترجمه ابراهیم یونسی، انتشارات پانیذ، تهران، 1379[2000].